عێراق پێیوێندی بە بانکی ئەوروپی بە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانەوە دەکات

سندوقی عێراقی بە گەشەپێدانی دەرەکی لە وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ ڕایگەیاند، دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران یاسای ئەندامبون لە بانکی ئەوروپای بە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (EBRD) پەسەندکرد، ئەمە بەفەرمی عێراق پێیوێندی بو بانکەو کردو بوە بە ئەندام و دەتوانێت سود لە پاڕپشتیە دارایيەکانی لەوی گەشەپێدانەوە وەربگرێت.

وەزارەتی دارایی لە راگەیەندراوکدا بڵاویکردەوە، بەئەندامبونی عێراق لە بانکی ئەوروپا بە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لە چوارچێوەی دیدگای وەزارەتی دارایيدایە بە پتەوکردنی چوارچێوەی هاریکاری و پەیوەندی نێوان عێراق و دامەزراوە دارایيە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت دوای هەماهەنگی بەردەوامی سندوقی گەشەپێدان لەگەڵ کارگێڕی بانکی ئەوروپی.

لەلای خۆشیەوە، سندوقی ئیدارەی بانکی ئەوروپا پشتڕاستیکردەتەوە، بەئەندامبون لە بانکی ئەوروپی دەتوانێت پارەی پڕۆژەکان لە ناوخۆی وڵاتدا دابین بکات، پەرەپێدانی کەرتە

جیاوازەکان بەرەوپێش ببات، پشتگیری لە دەستپێشخەریی کارگێی بکات، پشتگیری لە کەرتی تایبەت بکات لە ڕێگەی وەبەرهێنان و بەشداریکردن لە گفتوگۆی سیاسەت و هاوکاری تەکنیکی. ئاماژە بەوەکراوە، بانکی ئەوروپی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (EBRD) بانکێکی گەشەپێدانی فرەلایەنە و بارەگاکەی لە لەندەنە، گرنگی بە وەبەرهێنان دەدات وەك ئامرازێك بۆ دوبارە بنیاتنانەوەی ئابوری بازاڕ لە وڵاتانی سودمەند، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانەکانی لە چالاکیی ئاوێژکاری و سیاسی.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی دارایی عێراق، ئەم بانکە یارمەتی وڵاتان دەدات بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی خێبژێوی لە بازاڕەکانی وزە یان وزەی نوێبووەوە